# ئایین

لەم جیهانەی ئێمەدا، کە زیاتر لە پێنج هەزار ملیۆن مرۆڤی تێدا دەژیت زۆر بیروباوەر و ئایین هەن.

ئایین، ناسین و باوەرهێنانە بە خودا وەکو هێزی هەرە بەرز و پیرۆز لە بووندا و لەلای زۆربەی ئایینەکان، تەنیا خوایەک هەیە، کە ئەو ئەم جیهانەیەی داهێناوە و هەموو شتێکیش بە فەرمانی ئەو روودەدات.

هەر ئایینێکیش ـ لە خوا پەرستیدا ـ شێواز و رێ و رەسم و پەرستگای تایبەت بە خۆی هەیە. بەلام هەموو ئایینەکان بۆ چاکەی مرۆڤ هاتوون پەیامەکەشیان پێکەوە ژیان و ئاشتی و یەکسانییە و خوای گەورە لە هەموو ئایینەکانیدا فەرمان دەدات، کە ئێمەی مرۆڤ دوور لە رق و کینە رەفتار لەگەڵ یەکتریدا بکەین و وەکو برا پێکەوە بژین.

بەلام بەداخەوە ـ لە مێژوودا ـ زۆر شەڕ و شۆڕ و تاوانی گەورە بەناوی ئایینەوە کراون و تا ئەمڕۆش بەردەوامن

# ئایین لە کوردستاندا

لە کوردستانیش زۆر ئایین و ئایینزا و باوەڕ هەن و زۆر جاریش لە نێوانیاندا شەڕ و دوژمنکاریش روویداوە، بەلام جێگای دڵخۆشییە ئەمڕۆ هەموو ئەم ئایینانە لە کوردستان بە ئاشتی و رێزگرتن لە یەکتر پێکەوە دەژین.

ئیسلام، ئەم ئایینەی ئەمڕۆ زۆربەی کورد باوەڕی پێیە، لە ساڵی ٦٤٣ ز هاتۆتە کوردستان و پێش ئەوەی ئیسلام بێتە کوردستان، خەڵکی کوردستان باوەڕیان بە هەندی ئایینی کۆنی ئێرانی و جوولەکایەتی و مەسیحی دەهێنا.






## نەخشەی ئایینیی کوردستان

له پاش ساڵی ١١٠٠زاییینیەوە ئیتر بەرەبەرە ئیسلام هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و ئەمرۆ نزیکەی ٩٥٪ خەڵکی ئێمە موسڵمانن لەوانەش ٦٠٪ موسڵمانی سونیی شافعین.
١٠- ١٢٪ شیعەن، ١٠-١٣٪ عەلەوین، ٥٪ ئەهلی حەق ٣-٤٪ ئێزدی و ئەوانی تریش کریستیان (مەسیحی)ن، له کوردستان جوولەکەش هەبوون، بەلام لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل جولەکەکان کۆچیان کردووە بۆ ئەوێ.